# ئەزموونێکی بەنرخی بزووتنەوەیەکی مەزن

ناسری ئەمین نژاد

هەرچەند ئێستا چەند حەفتەیەک لە کۆبوونەوەکەی هەشت وڵاتی پیشەیی دنیا لە شاری "هایلیگیدام"ی ئاڵمان تێپەڕیوە، بەلام هێشتا لە میدیاکانی ئالمان و لەناو بیروڕای گشتیدا و بەتایبەت لە ناو لایەنە جۆربەجۆرە بەشداربووەکاندا قسەوباس لە سەر ئەو رووداوە و شوێنەوارەکانی بەردەوامە.

ئەو کۆبوونەوە و سەرجەمی رووداوەکانی ئەو حەفتەیە چەند خاڵێکی جێگای سرنجی بەجێهێشتووە کە جێی خۆیەتی ئاوڕی لێبدرێتەوە.

١. سەردەمی چاووڕاوی ئاوسارپساو لەمەڕ سەرکەوتن و سەقامگیربوونی نەزمی نوێی جیهانی بە تەواوی تێپەڕیوە. ئێستا لە ماوەی تێپەڕبوونی ئەو دە پازدە ساڵەی پاش روخانی دیواری برلین و جاڕی نەزمی نوێی جیهانیدا، پتر لە هەمیشە تەقەڵی ناسەرکەوتوویی، درۆینەبوونی بەڵێنییەکانی باشتر کردنی ژیانی مرۆڤ و خوڵقاندنی دەرفەتی نوێ بۆ مرۆڤایەتی دەرکەوتووە، کە گوایە بە دوور لە شەر و کێشە دەتوانن بەخۆیاندا بێن و گەشە بسێنن. ئێستا تا رادەیەکی زۆر گروکفەکانی لەم بابەتە نیشتونەتەوە و ئیتر رەوتی بەجیهانی کردنی لەسەرەوە بە حاسانی بۆیان ناچێتە پێش و لە گەڵ قەڵغانی بەربەرەکانێیەکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا بەرەوروو بۆتەوە. دروشمی «سەرمایەداری قسەی کۆتایی زەمان نیە»، «دەبێ دنیایەکی دیکە ساز بکرێ» و «چارەنووسی ئێستامان لەچار نەهاتوو نیە» سنووری کۆڕوکۆمەڵە تایبەتیی و پسپۆڕیەکانی بەزاندووە و بە بەرینی و قووڵایی ناو کۆمەڵگادا چۆتەخوار. ئێستا زیاتر لە هەمو کات دەرکەوتووە کە جیهانی سازی نیولیبراڵی زۆرتر بۆتە هۆی چەوساندنەوەی پتری مرۆڤ و کاولکاری زیاتری سروشت. ئێستا باشتر لە هەمیشە دەرکەوتووە کە بە ناوی خوڵقاندنی دەرفەت بۆ مرۆڤایەتی! دنیا کراوەتە مەیدانی رمبازێنی کارتل و کۆنسێرنەکان و ئەمەش روتاندنەوەی زیاتری سرووشت و چەوساندنەوەی زێدەتری ئینسان و قەبە بوونی هەرچی زۆرتری سەروەت و سامانی کۆمپانیاکانی لێکەوتۆتەوە.

٢. رووداوەکانی ئەم دەورەیە بە ئاشکرا دەریانخست کە ئاست و ژمارەی لایەن و رێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکانی دژ بە سیاسەتی نیو لیبراڵی بەرزبۆتەوە و بەرفراوانبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیتوە. دەرکەوت کە بزوتنەوەیەکی گشتی و بەرینی جەماوەری بە مانای واقعی خۆی دژ بە جیهانی کردنی لەسەرەوە چالاک و رێکخراو لە قووڵایی کۆمەڵگادا لە گەڕدایە. ئیمساڵ نزیکەی چوار سەد رێکخراو و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی، جەماوەری و کۆمەڵایەتی لە هاوئاهەنگییەکی کەم وێنەدا توانا و گوڕوتینی بزوتنەوەیەکی جەماوەری و گشتی و مەزنیان بە ماوەی زیاتر لە حەفتەیەک بە دنیا نیشان دا.

٣. دروشمەکانی ئەمساڵ زیاتر لە هەمیشە روخساری شۆڕشگێڕانە و سیاسی جیدی گۆڕانکاریخوازانەیان پێوە دیار بوو. زیاتر خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی و جیدی بوون لە قەوارەی نەزمی لیبراڵی و کۆتاکردنی دەستی سێ کوچکەی تالانکاری، واتە: بانکی جیهانی و سندووقی نیونەتەوەیی پوڵ و رێکخراوی بازرگانی جیهانی بەسەر سەروەت و سامانی دنیا. خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو وڵاتە زلهێزانە دەست لەسەر وڵاتانی ناوچە جۆربەجۆرەکان هەڵبگرن و بە سیاسەتی شەرئەنگێزانەی خۆیان هێندە دنیا بەرەو کاولکاری و کوشتوکوشتار رانەکێشن. دەست لە رووتاندنەی زیاتری سروشت هەڵبگرن و لەبەر قازانجخوازی خۆیان هێندە بە هەڵپە تووشی مەترسی جیدی نەکەنەوە.

٤. ئەمسالیش وەک سالانی دیکە و بگرە زۆر زیاتر دەرکەوت کە ئەم وڵاتانە خۆیان بنەڕەت و بنەمای کێشە و ئاڵۆزیەکانی دنیان. بە پێچەوانەی بەڵێنیە درۆینەکانیان دەرکەوت کە ئەمانە نەک هەر هیچ رێگا چارەسەرییەکیان بۆ کردنەوەی گرێ کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوریەکانی جیهان پێ نیە، بەڵکو خۆیان هۆکاری سەرەکین بۆ سازکردن و پێکهێنانی ئەو رەوتە ئاڵۆزەی ئەمرۆی دنیا. ئەمانە نیشانیان دا کە تەنیا مەبەستیان قایمکردنی نەزمی نیولیبراڵی بەسەر جیهانە و هەموو هەوڵەکانیشیان بۆ ئەوەیە کە کۆسپەکان، گرێ کوێرەکان و ناکۆکیەکانی خۆیان لەو رێگایەدا لاببەن، یان هێدی و کەمتری بکەنەوە. بۆ گەیشتن

بەو مەبەستەشیان هیچ قەیدی نابێت ئەگەر دنیا هەروا زۆرتر و زیاتر بەرەو هەژاری، شەر وماڵوێرانی و کاولکردنی زیاتری ژینگە کێش بکرێ.

٥. بەرزبوونەوەی ئاستی رێکخراو بوون و رێکوپێکی بەڕێوەچوونی کامپەینی دژ بە سیاسەتی نیولیبراڵیزاسیۆن، رووکارێکی گەشی هەڵسووڕانەکانی ئەم ماوەیە بوو. لە ناو ئەو هەموو بەشداربوە جۆربەجۆرانەدا ئەوەی لەم ماوەیەدا مانای نەبوو، یان باشترە بگوترێ زەق نەبوو، قازانجی تایبەتی رێکخراوەیی بوو. مانای بزوتنەوەی پێشکەوتووخوازانەی سەرانسەری و جیهانی و گەراندنەوەی دەسەڵات بۆ ئینسانیش ئەمەیە. ئەم بزوتنەوەیە نیشانی دا کە ناکۆکیەکان نابێ ببنە کۆسپ لەسەر رێگای گەیشتن بە خاڵی هاوبەش، ئەم حەرەکەتە نیشانی دا کە سەرەڕای بوونی ناکۆکی دەکرێ رێگای هاوئاهەنگی کردن بۆ پێشەوە بدۆزرێتەوە. قسەکردن لەگەڵ یەکتر و دانانی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری لە شوێن و جێگای جیاجیا و لەسەر بابەتی جۆربەجۆر بۆ باسکردنی ئاڵترناتیڤەکان و رێگا چارەسەریەکان، دەست پێشخەری و نمونەیەکی بەرێوەچوی سەرکەوتووی ئەمساڵ بوو. جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دوپات بووەوە کە تەنیا لە حەرەکەتکردن لەگەڵ یەکتر دایە کە دەتواندرێ زیاتر بیروڕاکان ئاڵوگۆڕ بکرێن و گرژییەکان خاو بکرێنەوە و زیاتر بیر لە دارشتنی داهاتو بکرێتەوە....

ئەمە دەرسێکی گەورەیە و دەبێ لایەنەکانی بزوتنەوەی چەپ و سوسیالیستی لە سەرانسەری ئێران و کوردستان کە بە دەست دووبەرەکی و پەرتەوازەییەوە دەناڵێنن لێی فێر ببن، دەبێ بە نەریتی تەعامول لەگەڵ یەکتر و گوێڕاگرتن لەیەکتر ڕابێن، دەبێ بەر لە ناو، بیر لە بەرژەوەندی بزوتنەوە بە گشتی بکرێتەوە، بەر لە سنوردانان و خەتکێشی گروهی و تاقمەیی، بە تەنگ کەمکردنەوەی کەندوکۆسپەکانی سەر رێگاوە بن، دەنا خۆری سەرکەوتن لە ئامێز ناگیردرێ و زەوی هەروا سەخت و ئاسمان دوور دەمێنێتەوە.


www.rawij.com